له پێناو خوای گەورە ترسێندرام لەکاتێکدا کەس نەدەترسێنرا، ولە پێناوی خوای گەورە ئازار درام لەکاتێکدا کەس ئازار نەدەدرا، جارێکیان سی ڕۆژ وشەو هات بەسەرمدا من وبیلال هیچ خواردنێکمان نەبوو کە بوونەوەر بیخوات مەگەر شتێک نەبێت داپۆشرا بوو لە ژێر باڵی بیلالدا

لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە پێناو خوای گەورە ترسێندرام لەکاتێکدا کەس نەدەترسێنرا، ولە پێناوی خوای گەورە ئازار درام لەکاتێکدا کەس ئازار نەدەدرا، جارێکیان سی ڕۆژ وشەو هات بەسەرمدا من وبیلال هیچ خواردنێکمان نەبوو کە بوونەوەر بیخوات مەگەر شتێک نەبێت داپۆشرا بوو لە ژێر باڵی بیلالدا».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە بە تەنها بوو کاتێک ئەم ئایتەی ئاشکرا کرد وبانگەشەی بۆی کرد -ترسەکەی بەهۆی ئەوە بوو- کافرەکان هەڕەشەیان لێی دەکرد وئازاریان دەدا، وکەسی لەگەڵدا نەبوو لە سەرەتادا کە لەگەڵیدا بێت لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ئازار وناخۆشییانە مەگەر یارمەتی وپاراستنی خوای گەورە نەبێت، پاشان ڕوونیکردەوە لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ پارە وخواردنێکی نەبوو، جارێکیان سی شەو هات بەسەریدا هیچ خواردنێکی لە لا نەبوو کە بوونەوەر بیخوات مەگەر شتێکی کەم نەبێت کە لە لای بیلال بوو -ڕەزای خوای لێبێت- کە ئەویش لە ژێر باڵیدا دەیشاردەوە، وتەنانەت دەوری یان گۆزەیەکیان نەبوو خواردنەکەی تێدا بشارنەوە، ئەمە لەو کاتە بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەککەوە دەرچوو بەرەو مەدینە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10966